# ئاوێتەبونی بەردەکان

شیعری:ئەمین محەممەد

لەکلاَورۆژنەی شیعرەوە

لەم بەردانە وردبەرەوە

لەچاوی من دوور بینترو

لەدڵی تۆش ناسکترن

مێژووی بونمان..

یەکەم نیگاو ئاوێتە بوون

لەنێوانی من و تۆدا

لەسەردڵی

ئەم بەردانە هەڵکوڵراون

ئەم بەردانە لە تۆئەچن

بۆ ناسکی و میهرەبانی

لە من دەچن بۆ وەستاوی و

خل بونەوەو چاوەڕوانی

ئەم بەردانە کە ڕیز دەبن

سەنگەرن بۆجەنگاوەران

کە بەپێوە ڕادەوەستن

دەبن بە کێلی گۆڕستان

لە هەرەسدا

ژیان دەکەن بە دۆزەخ و

کەسێتیمان

ڕاپێچ دەکەن بەرەو نەمان

نهێنی بەردو دڵی تۆ

نهێنی بەردو چاوی من

وەك نهێنی بەرمۆدایە

بۆیە دەڵێم ..

تۆلە پارچە نەیزەکێکی

دوور ڕا هاتوویت..

نامۆ..نامۆبەم ئەستێرەو

تێکەڵ نابیت بەئاوازی ئەم دەڤەرە

جیاوازیمان لەبۆچوونا

جیاوازیمان لە ڕۆچوونا

بەرەو دەریای قووڵی خەیاڵ

دوور هێندەی پانتایی شیعرە

هاوژینە خۆشەویستەکەم

پێ دەچیت ڕەگەزی بەردبین

ئەی نابینی هەریەکەمان بورکانێکین

لێوان لێو لەپارچە بەردی

ڕەشی سووتاو..

وەلێ ئەفسوس

خۆمان نەكرد بەسەنگەرێ

بۆخەبات دژی..دژەكان

دەستەوسان بووین نەمانتوانی

ئێمەی بەردین

چیایەك بەرهەم بهێننین

لەبزەوخەندە بۆ ژیان

سلێمانی

2005/1/17